# دوو کتێبی نوێی شاخەوان سدیق بڵاودەبنەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

شاخەوان سدیق، نووسەر و رۆژنامەنووس دوو کتێبی نوێ بڵاودەکاتەوە کە پێکهاتوون لە دیداری رۆژنامەوانی بە دوو شێوازی جیاواز. کتێبی یەکەمیان بەناونیشانی (چێژی نووسین)ـە و ئەوەی دووەمیان بەناونیشانی (چێژی گێڕانەوە)یە کە ئێستا هەر دوو کتێبەکە لە چاپخانەن و بەمزووانە بڵاودەکرێنەوە.

شاخەوان سدیق، لەبارەی ئەم دوو کتێبە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی گوت: "ئەم کتێبە نوێیانە درێژکراوەی کتێبی یەکەمن کە بە ناونیشانی (چێژی خوێندنەوە) ماوەیەک لەمەوبەر بڵاوکرایەوە، واتە لەگەڵ ئەم دوو کتێبەدا پرۆژەی کتێبی سیانەن، کتێبەکان هەرسێکیان کاری رۆژنامەوانیی ئەدەبین و بەشێوەی دیدار لەگەڵ نووسەرانی بواری ئەدەب کراون".

گوتیشی: "کتێبی یەکەمیان (چێژی خوێندنەوە) کە 128 لاپەڕەیە، بریتی بوو لە (13) دیداری ئەدەبی و تیایدا دەربارەی پرسی (خوێندنەوە و چێژی خوێندنەوەی کتێب) هەریەک لەو بەشداربووانە سەرنجەکانی خۆیان خستبووەڕوو، ئەم شێوازە لە کتێبی دووەمیشدا پەیڕەو کراوە بەناوی (چێژی نووسین) کە 310 لاپەڕەیە و بەهەمان شێوە لەگەڵ (20) نووسەردا دەربارەی پرسی (نووسین و تایبەتمەندی و شێوازەکانی و چێژی نووسین) گفتوگۆ کراوە، هەرچی کتێبی سێیەمە کە 312 لاپەڕەیە، جیاواز لە هەردوو کتێبەکەی دیکە، پێکهاتووە لە (28) دیداری ئەدەبی لەگەڵ (28) نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس و رەخنەگری بواری ئەدەب، هەریەکێک لەوانە ناوی ئاشکرا و ناسراو و دیارن لەناو دونیای ئەدەبی کوردیدا".

شاخەوان سدیق دەڵێت ئەم دیدارانە بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیی وا کراون کە لە داهاتوودا ببنە سەرچاوە بۆ نووسین و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەسەر ژیان و دونیابینیی هەریەکە لەو ئەدیبانەی گفتوگۆیان لەگەڵ کراوە.

# «روخسار و دەمامك» چاپ کرا




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبی روخسار و دەمامک کە لە نووسینی ئەدیب نادرە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر چاپ و بڵاوکرایەوە.

کتێبەکەی ئەدیب نادر تێڕامانە لە هەندێک دەق و نووسینی نووسەرانی کورد، لەوانەش: خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی «وێڵبوون»ی جەلیل کاکەوەیس. چەمکی ئەزموون لە شیعری ئازاد ئەحمەد ئەسوەد. دونیای چیرۆک لەلای عەبدوڵڵا سەڕاج. مردن لە پێناو گۆڕینێکی پۆزەتیڤانەی ناسنامە (خوێندنەوەیەک بۆ دەقی «مردن ئاشکرای کردم»ی جەلیل کاکەوەیس). رامان لە دوو چامەی نازم حیکمەت، هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی بونیادی دەلالە لە دەقی «باخچەکانی باوکم»ی ئازاد سوبحی، هەروەها خوێندنەوە بۆ چەند دەقێکی دیکە.

نووسەری کتێبەکە لە پێشەکیی کتێبەکەیدا تیشک دەخاتە سەر ئەم بەرهەمە و دەڵێت «ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ رۆشنکردنەوەی ئەو پێچ و پەنا و سووچ و قوژبنە تاریکانەی بێگومان دەکەونە ناو هەموو دەقێکی داهێنەرانە و پێویستیان بە تیشک خستنەسەرە لە پێناوی بەرفراوانکردنی دید و گۆشەنیگای وەرگر و بەخشینی پتر لە رەهەندێک بە دونیابینییەکانی».

# لە ئامەد پێشانگەی کتێب دەکرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان پێشانگەیەکی کتێب کرایەوە کە بۆ ماوەی نۆ رۆژ بەردەوام دەبێ.

ئەو پێشانگەیە کە رۆژی 28/9/2019 کراوەتەوە، ژمارەیەک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی تورکی و زۆربەی دەزگا چاپەمەنییە کوردییەکانی باکووری کوردستان و تورکیا بەشدارییان تێدا کردووە.

بەپێی زانیارییەکانی پەیامنێری (رووداو) لە شاری ئامەد، 130 دەزگا بەشدارییان لە پێشانگەکەدا کردووە کە 15 لەو دەزگایانە کوردین. هەر بە گوێرەی زانیارییەکان، جگە لە نمایشکردنی هەزاران ناونیشانی کتێب بۆ فرۆشتن، لە ماوەی ئەو نۆ رۆژەدا پتر لە 100 پانێل بەڕێوەدەچن. چارەسەری پرسی کورد، پرسی ناسنامەی کورد، پرسی دیموکراسی لە تورکیا، پرسی چاند و هونەر و مێژووی کورد بابەتی سەرەکیی پانێلەکان دەبن. هەروەها پانێلێک لەبارەی فۆلکلۆری کوردی لەلایەن نووسەر و کەسایەتی بەناوبانگی کورد جەلیلێ جەلیل بەڕێوەدەچێ.

هەر لەو پێشانگایەدا نووسەرانی کورد و تورک ئامادە دەبن و واژۆ لەسەر پەرتووکە نوێیەکانیان بۆ خوێنەران دەکەن. بە گوتەی بەڕێوەبەرانی پێشانگەکە، پێشبینی دەکرێ لە ماوەی ئەو نۆ رۆژەدا زیاتر لە 100 هەزار کەس سەردانی بکەن.




# رۆمانێکی حەلیم یوسف لە کرمانجییەوە دەکرێتە سۆرانی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

«دڕندەکەی دەروونم» دوایین رۆمانی حەلیم یوسف، رۆماننووسی کوردی رۆژئاوای کوردستان لە شێوەزاری کرمانجییەوە هێنرایە سەر شێوەزاری سۆرانی. بڕیارە لەلایەن ناوەندی رۆشنبیریی ئەندێشەوە لە سلێمانی چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

رۆمانەکە ساڵی 2018 لە باکووری کوردستان بە شێوەزاری کرمانجی بڵاوکراوەتەوە و وریا غەفووری، پێش بڵاوبوونەوەی بە کرمانجی، دەستی بە وەرگێڕانی رۆمانەکە کردووە و لە ماوەی شەش مانگدا کردوویەتی بە سۆرانی.

وریا غەفووری خەڵکی شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستانە، ساڵانێکە دەستی داوەتە وەرگێڕانی رۆمانە کرمانجییەکان و تا ئێستا چەند بەرهەمێکی کردوونەتە سۆرانی.

«دڕندەکەی دەروونم» دوایین رۆمانی حەلیم یوسفە کە غەفووری کردوویەتی بە سۆرانی، پێشتریش یەکەم رۆمانی ئەم نووسەرەی بە ناوی «سوبارتۆ» کردبووە سۆرانی و ناوەندی ئەندێشە ساڵی 2017 چاپ و بڵاوی کردەوە.

دڕندەکەی دەروونم گێڕانەوەی چیرۆکی ژیان و نەهامەتییەکانی مرۆڤی کوردە لەژێر دەسەڵاتی بەعسی سووریادا. تێمای سەرەکیی رۆمانەکانی حەلیم یوسف ترسە، ترسێک کە بەهۆی دەسەڵاتی زاڵەوە رژاوەتە هەناوی مرۆڤی کورد. ئەم نووسەرە تا ئێستا 11 بەرهەمی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.





# بەر لە هاتنی بەیانی

ئەنمار رەحمەتوڵڵا
وەرگێڕانی: سەنگەر زراری

سوالکەرە ریشسپییەکە دەچێتە ناو کوخەکەی و ژنەکەی دەبینێ کە لەسەر پێخەفەکەی راکشاوە. ژنەکە دەکۆخێ و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە بە مێردەکەی دەڵێ: "وەکو هەموو جارانی تر؟!".

مێردەکەی وەڵامی دەداتەوە: "بەڵێ.. وەک هەمیشە!".

سوالکەر چەقۆکەی گیرفانی دەردێنێ و دەیخاتە سەر مێزەکە. بەرەو گۆشەیەکی بچووکی کوخەکە دەڕوا، بەدوای پارچە نانێکی وشکدا دەگەڕێ. ژنەکەی هاوار دەکا: "حاڵی هەموو کەس لە حاڵی ئێمە باشترە، هەموو خەڵک ئێواران بە پارەوە دەگەڕێنەوە و تۆش بە چەقۆیەکی نەفرەتییەوە دەگەڕێیەوە. ئەم چەقۆیە چی لێ بکەم؟! بیکوڵێنم و بیخۆین پێی دەژین؟!".

پیاوەکە، ژنەکە هەڵدەداتە سەر زەمینی ساردی کوخەکە، تەماشای دەکات و پێیدەڵێ: "سەرکۆنەی من مەکە، خەڵک پارەم نادەنێ، دەڵێی عیفریتێکی نەفرەتلێکراو رێیان لێ دەگرێ لەوەی یارمەتیم بدەن و پارەم بدەنێ، تەنیا دەستێک لە تاریکییەکی بێ جەستەوە دێت و چەقۆیەک دەخاتە دەستمەوە و بزر دەبێ، خەریکە شێت دەبم".

ژنەکە بەتوندی دەکۆخێت و بە دەنگێکی خنکاو دەڵێت: "پێش ئەوەی شێت بین دەمرین، هەستت پێ نەکردووە خەریکە هێزمان لەبەر دەبڕێ؟".

ئەم رستەیە وەکو چەکوشێک بەر سەری پیاوەکە دەکەوێ. خەریک بوو گەدەی تێکهەڵدەهات و بەتاسەوە گوتی: "ئەگەر بمتوانیبا چەقۆکان لە بازاڕ بفرۆشم، دەیان چەقۆم هێناوەتەوە ئێرە دەمفرۆشتن، هەموو چەقۆیەک کە شەو دەیهێنمەوە، بۆ بەیانی بزر دەبێ، دەڵێی ئەو دەستەی چەقۆکەی پێداوم، هەر ئەویش دەیباتەوە، تەنانەت دوایەمین چەقۆ کە هێنام و لەسەر مێزەکەیە، ئەگەر ئارام بگری و تا بەیانی بمێنێ، دەیبەمە بازاڕی وردەواڵەفرۆشان و دەیفرۆشم و پارەکە بە نان دەدەم، بەڵام ئەویش نەفرەتییە، تا بەیانی بزر دەبێ و سوودی لێ نابینم".

ژنەکە بەدەم کۆخەکۆخەوە دەگری، مێردەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ تەماشای دەکا. ماوەی تەماشاکردنی نێوانیان، بۆنی رق و کینەی لێ دێت، مێردەکە چاوی هەڵدەگلۆفێ و دەڵێ: "تۆ دەگری و لە گریان زیاتر هیچت لەدەست نایەت، لەسەر ئەوە من ئیرەییت پێ دەبەم، من چاوەکانم وشک بوون، خۆزگە منیش هەر هیچ نەبێ دەمتوانی وەکو تۆ بگریەم، بۆ ئەوەی تۆزێ ئاسوودە بم".

بۆ ماوەیەک دادەنیشن و بیر لە ئازاری گەدەیان دەکەنەوە. ژنی سوالکەرەکە پاش ئەوەی کۆخەکەی نەما، دەستی بە قسان کرد: "ئێمە لێرە لە برسان دەمرین و کەسانی دیش بەخۆشی دەژین، نازانم ئەم خەڵکە چۆن پارەیان دەستدەکەوێ، خۆزگە منیش وەکو ئافرەتە خواپێداوەکان لەسەر پێخەفێکی پاک و ژوورێکی گەرم و گەورە بام و کچ و کوڕی خۆم هەبان و لە چواردەورم بان، بەڵام بەختە رەشەکەی من، منی هەڵدایە ئەم گۆڕە".

مێردەکەی بەقووڵی هەناسەیەکی دا و دەستی لەسەر سەری دانا. ژنەکە درێژەی بە قسەکانی دا: "من لەمانە هەمووی بەرپرسم، ئەگەر من هەڵبژاردنەکەم باشتر با...".

پیاوەکە سەری بڵند دەکات و بەدوو چاوی زەقەوە تەماشای دەکات و دەڵێت: "مەبەستت چییە؟ خۆ تۆ و خزموکەست لەوپەڕی هەژاریدا دەژین، لەبیری مەکە کە خزمەکانت پێشتر لەبرسان مردوون، هەمووتان درۆزەکەرن!".

ژنەکە هاواری کرد: "خۆ خزموکەسی تۆش لەبرسان مردوون!".

پیاوەکە لە شوێنی خۆی هەستایەوە و بەرەو لای ژنەکەی رۆیشت و گوتی: "بێدەنگ بە، لە سەرزەنشتە بەردەوامەکانت بێزار بووم، چی بکەم کە ناتوانم هیچ کارێک بکەم، تاکە شتێک ئێستا لەدەستم بێت ئەوەیە کە تۆ بکوژم و دواتریش خۆم".

بۆ ساتێک، هەردووکیان بەبێدەنگی تەماشای یەکتریان کرد. پاشان تەماشای شوێنی چەقۆکەیان کرد لەسەر مێزەکە، پاشان هەردووکیان تەماشای ناو چاوی یەکتریان کرد، چەند ساتێک بەقورسی تێپەڕی، ئینجا پیاوەکە گوتی: "ئەمە تاکە دەرفەتە ئازیزەکەم، بەرلەوەی سبەینێ دابێ و چەقۆکە ون بێت و هیچ سوودێکی لێ نەبینین".

سوالکەرەکە بەرەو مێزەکە دەچێت.. ژنەکە هاوار دەکا: "ئەوە چی دەکەی شێتە..؟!".

پیاوەکە، چەقۆکە بەڕووی ژنەکەیدا بەرز دەکاتەوە و هاوار دەکا: "ئەم چەقۆیە یەک ئیشی هەیە، کە ئێستا دەیبینی!".

پاش چەند رۆژێک، هەواڵێک بە شاردا بڵاو دەبێتەوە، هەواڵی کوژرانی سوالکەرێک و ژنەکەی کە لە کوخەکەیاندا بەشێوەیەکی سەیر سەریان بڕدراوە، پۆلیس بەشێوەیەک تەرمەکانیانی دۆزیوەتەوە، کە لە خوێندا گەوزاون، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک هەبێت بۆ ئاشکرابوونی تاوانەکە.

**ئەنمار ئەیاد حوسێن رەحمەتوڵڵا ئەعەرەجی:**

سالی (1978) لە شاری سەماوە لە عێراق لەدایکبووە.

ئەندامی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراقە.

لە فێستیڤاڵە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، چەندین خەڵات و بڕوانامەی رێزلێنانی پێ بەخشراوە.

**سەرچاوە:**
http://www.alnoor.se/article.asp?id=331452

# چرکەسات

رەسووڵ سوڵتانی




هیچ کوێی نەدەدی. بۆی گرینگ نەبوو. ئیتر دیتن و نەدیتن وەک یەک بوو. لەبەر خۆیەوە گوتی: تەواو، چەند ساتێکی تر من نەماوم. لەگەڵ هەر هەنا و ترپەیەکی دڵی، چرکە بە چرکە چاوەڕێ بوو تەقەیەک بێ و شتێک زرمە لە سینگی بێنێ و ئەژنۆی بنووشتێنەوە و بکەوێ. ئەژنۆی دەلەرزین. نەیدەزانی دەترسێ یان نا.. نا، نیگەران بوو.. دەشترسا. یان نە دەترسا و نە نیگەرانیش بوو. نەیدەزانی، بۆی لێک نەدەبوونەوە. رێک وەک ئەو رۆژەی لە بن دەست و پێ و کەڵبەی سەگەکانی ماڵی حەمە قەرەچیدا یەکبەخۆی دەیزیڕاند و هاواری دەکرد و ئەوانیش بە مڕەمڕ و حەپەحەپ تێی وررووکابوون. بابی هەموو جارێ بە دایکی گوتبوو، مەهێڵە ئەو منداڵانە بچنە دەرێ. ئەو کابرایە سەگەکانی نابەستێتەوە و ئەوەندەش بێحەیا و بێشەرم و بێ ئابڕووە، بۆوەی نابێ دوو قسەی لەگەڵ بکەی. ئەو منداڵانە بەڕەڵا مەکە، ئاگات لێیان بێ، ئەو سەگانە یانیگرن، دەیانخنکێنن. ئەو رۆژە دایکی لەسەر تەندوور تەشتێکی هەویر دانابوو و خەریک بوو ئەنگوتکی دەگرت. گوتبووی سلێمان کورم دە بچۆ لە ماڵی پوورە فاتم قەڵانگەکەم بۆ بێنەوە. پوورە فاتم کە نانی دەکرد، هەموو جارێ دەهات قەڵانگەکەی ئەوانی دەبرد. دەیگوت ئاردی ئەمجارەمان زۆر خراپە، هەمووی دەچێتە نێو تەندوورەکەوە و بەبێ قەڵانگ ئەو هەمووە کۆڵووەم پێ نایەتە دەرێ. ئەوە بە وەستا مستەفام گوتووە قەڵانگێکی باشم بۆ دروست بکا. دەڵێ شیشم نەماوە. درۆیانیش دەکا، پێیوایە پارەی نادەمێ. دەنا ئەوێ رۆژێ یەکی هێندە جوانی بۆ ئامین چاوشین دروست کردبوو، دەتگوت دارحەیزەرانە هێندە جوان بوو. ئاخر ئامین فەرق دەکا. ئەو مەکر و نازەی ئامین دەیکا بە ئێمە ناکرێ. لە عەبەی مێردیشی رادەبینێ خوشکێ. پوورە فاتم کە ئەو قسانەی کردبوو، ئەو تێنەگەیشتبوو. مەکر و نازی چی؟ دادە ئامینی هاتبووە پێش چاوی. دوو چاوی شینی گەش گەش، دەم بە پێکەنین. گوتبووی، پوورە فاتم بۆ وا بە دادە ئامین دەڵێ؟ خۆ دادە ئامین زۆر جوانە. زۆریش باشە. هەمیشە جلوبەرگی جوان لەبەر دەکا. ئێواران کە دێتە دەرێ و پرچی هێشتا وشک نەبووەتەوە و بریسکەی دێ، چەند جوانە. خۆزگە دایکم و پوورە فاتمیش وا بوایەن. ئەی ئەگەر ئەوانیش وا بوایەن، خەڵک پێیان دەگوتن مەکر و ناز دەکەن؟ نازانم.... لەو خەیاڵانەدابوو، سەگە بۆرەکەی حەمە قەرەچ لەسەر دیوارەکەوە خۆی فڕێدابووە خوارێ و تەنانەت هاوار و قیژەشی نەدابوویێ و لە عەرزی دابوو، سەگەکانی دیکەش بە دوویدا. خۆ ئەگەر لەو دەمەدا پوورفاتم وەک فریشتەیەک نەگەیشتبایە و وەبەر تێلای نەدابایەن کەوڵیان دەکرد. لەو کاتەدا بیری لە چ کردبووەوە؟ زۆر دواتریش کە لێیان دەپرسی، وەختێک سەگەل چیی نەمابوو بتخنکێنن، لەو دەمەدا بیرت لە چی دەکردەوە، ئەو هەر وەبیری نەهاتبووەوە. وەک بڵێی سڕ بووبێ و مێشکی تەواو لەکار کەوتبێ. هەر زریکاندبووی. رەنگە تەنیا بیری لە قیژە و زریکاندن کردبێتەوە. ئەو رۆژە کە گەیاندبوویانە خەستەخانە و برینەکانیان بۆ شووشت و دەرزییان لێ دابوو، دکتۆرەکە گوتبووی، ئەو سەگانە دەبێ بکوژرێن. باوکی گوتبووی، دکتۆر گیان دەبێ بتۆپێنرێن. سەگ ناکوژرێ. دکتۆرەکە هەر سەرێکی لەقاندبوو و گوتبووی باش. بەڵام نابێ لەوێ بمێنن. باوکی گوتبووی مەگەر دەوڵەت بێ بیانتۆپێنێ، کەس دەرەقەتی خاوەنەکەی نایە. دەوڵەتیش نەچووبوو بیانتۆپێنێ. باوکی گوتبووی، ئەوانیش دەزانن چەندە بێحەیایە. چۆن نازانن؟ دەیناسن. بەوەی نییە ئێمە لەو کوێرە دێیەین، دەیناسن. کەس هەیە دەوڵەت نەیناسێ؟ دەزانن چ خواردنێک لەسەر سفرەکانیشمانە. چۆن نازانن. دارودیواریان کردووە بە سیخوڕی خۆیان. سیخوڕ، تۆ بڵێی سیخوڕ شتێکی چۆن بێ؟ بابم یەک دوو جاری دیکەش گوتوویەتی سیخوڕ. سیخوڕی هێنابووە پێش چاوی خۆی، شتێکی وەک دێوەزمەی نێو هەقایەتەکان، بەڵام گوێی هێندە تیژ و بەهەستە لەو دیوی دیواریشەوە گوێی لە هەست و خوستی خەڵکە. بەلای هەر کەسدا تێپەڕێ، دەزانێ بیر لە چی دەکاتەوە و یەکسەر دەچێ بە دەوڵەتی دەڵێ. دەوڵەت چییە؟ سەربازە؟ زۆری هێنابوو و بردبوو نەیزانیبوو. مێشکی منداڵانەی ئەو دەوڵەتی هەر وەک ئەو سەرباز و چەکدارانە دیتبوو کە کتوپڕ بە گوندەکەیان وەردەبوون و پیاوەکانیان کۆ دەکردنەوە و دەیاندانە بەر شەق. ئەوەیە دەوڵەت. ها ها جارێکیشیان لە محەممەد باڵەکییان دا و کوشتیان. بە کەڵەگایی. کوشتیان و رۆیشتن و کەسیش نەیتوانی هیچیان پێ بڵێ. زۆر سووک و ئاسان. ئێوارەیەک بوو، کە بە گوندەکە وەربوون، ماڵەوماڵ گەڕان و پیاوەکانیان بردە بەر دەرکی مزگەوت. لەوێ قسەیان بۆ کردن. دواییش ریزیان کردن و دایاننە بەر شەق و مست و پێلەقە و قۆناغە تفەنگ. محەممەد باڵەکی بە زمانێکی دی، وەک بزانم تورکی بوو، قسەیەکی کردبوو. دەیانگوت جوێنی داونەتێ. سەیزادەی ژنی دەیگوت وەڵا بیلـلا جوێنی نەداوە، هەر لێی لە بیانوو بوون. یەک دوو جاری دیکەش ویستبوویان بیکوژن. ئیدی چەکدارێک تەقەی لێ دەکا. دەیانگوت هەر ئاوڕیشی لێ نەداوە بزانێ گوللەکە وەکوێی کەوتووە. وەک هەر لێی نەدابێ. نەیدەهێشت خەڵکیش هەڵیگرنەوە. ژنان بە قژڕنین و شین و گریان چووبوون هەڵیانگرتبۆوە. لەو دەمەدا ئەوان یانی دەوڵەت هەر لە خەڵکیان دەدا. دەوڵەت ئەوە بوو. دوایی کە گەورە بوو زانیی دەوڵەت شتێکی دیکەیە و پاسدار و چەکداری دی پیاوی دەوڵەتن. بە تایبەتی کە چووە قوتابخانە و خوێندی و دوایی تەلەفزیۆنیان کڕی و زۆر شتی دیکەی لێ روون بووەوە، حەپەحەپ و مڕەمڕی سەگەکانی حەمە قەرەچیی هەر لە گوێدا نەمابوو. وەک خەونێک دەهاتەوە بیری، بەڵام شەق و لە خەڵکهەڵدانی پاسدارەکانی هەر لەبیر نەدەچووەوە. تا ئەو ئێوارەیەی بە رەحمانی عەبە جەبەلیی گوتبوو، رەحمان تۆ عەیب ناکەی سیخوڕی دەکەی؟ کە وشەی سیخوڕی بەزاردا هاتبوو، بۆ چرکەیەک وێنەی ئەو دۆڵپایەی هاتبووە پێش چاوی کە بە منداڵی وەختێک گوێی لە وشەی سیخوڕ دەبوو، دەهاتە بەر زەینی. بەڵام رەحمان ریوەڵە و لەڕ و لاواز بوو. یەکی مووزەردی چاوشین، ددانێکی پێشەوەی شکابوو. رەحمان بە دەم بەبادادکردنی جگەرەکەیەوە گوتبووی، ئەو قسانە لە دەمت زیادن. ئەمن سیخوڕ نیم. ئەمن خزمەتکاری ئەو دەوڵەتەم و ئەرکی سەرشانمە خزمەتی بکەم. ئیدی لێیان ببوو بە شەڕ. ئەو مستێکی لە دەمی رەحمان دابوو ددانێکی دیکەشی شکابوو. بۆ سبەینێ کار کەوتبووە شکایەت و شکایەتکاری و خەڵکەکە هاتبوونە نێوانیان و کەیخودا و ریشسپی مەسڵەتیان بۆ کردبوون. تاقە مانگایەکیان بوو، فرۆشتیان و دایان بە رەحمان وازبێنێ. بەڵام رەحمان کە ئێستا دوو ددانی پێشەوەی نەمابوون و بیچمی ئەوەندەی دیکە ناشیرین ببوو، هەر لەبیری نەدەچوو. دەیبوغزاند و لە نێو خەڵکی جوێنی دەدایێ. خەڵک دەیانگوت لا لە لای رەحمان بدە. ئەو لە هەر جێیەک بوو تۆ لەوێ بڕۆ. ئەوە بەڵایە. ئاخری ئەو ئێوارەیەی لەنێو دێ تەقە و گرمە و بگرە و بەردە پەیدا بوو، دڵی خۆش بوو. گوتی: ئۆخەیش ئەوە هاتن. کوڕە با بڵێم ئەو سەگبابە هێندێک تەمبێ بکەن. دوو سەعاتێک سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسییەوە. کەس نەیدەوێرا لە ماڵی خۆی سەر بێنێتە دەرێ. دڵەڕاوکێ و ترس باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشابوو. کادێنەکەی ماڵی حەمە قەرەچی دووکەڵی لێ هەڵدەستا. لەخۆوە دڵی بەوە خۆش بوو. با بسووتێ کادێنی ئەو سەگبابە. دوای دوو سەعات، دەنگی تەقەکە کپ بوو. خەڵک وردە وردە لە دەرگای حەوشەوە سەریان دەرکێشا دەرێ. ترسەکە کەمێک رەویبووەوە. خەڵک هاتنە کۆڵان، لێرە و لەوێ بنیادەم کەوتبوون و چەکەکەیان لە تەنیشتیانەوە کەوتبوو. غاری دا و پڕی دایە تفەنگێک و بە پەلەپەل هێنایەوە. گوتیان، شەش کەس بوون. لە ماڵی حەمە قەرەچی بوون. سێ شەو بووە لەوێ بوون. هەر دەمودەستیش گوتیان رەحمان بەوەی زانیوە و تەلەفۆنی کردووە و هاتوونەتە سەریان. بەڵام کتوپڕ دەنگ داکەوت، رەحمان کوژراوە. دوو رۆژ دواتر هەواڵ هات، گوتیان لە خەستەخانە وەهۆش هاتۆتەوە و نەمردووە. گوللەیەک لاملی گرتووە و یەکیش لاقی. پێشمەرگەکان بە باغەکانی پشتەوەدا خۆیان دەرباز کردبوو. کە دووبارە پاسدار بە گوندەکە وەربوونەوە و کوژراوەکانیان کۆکردنەوە، تفەنگێک دیار نەبوو. ماڵ بە ماڵ گەڕان. لە ماڵی ئەواندا دۆزییانەوە. دایکی بە لەخۆدان و خۆڕنین هاواری دەکرد، ئەوە بە فیتی رەحمان خراوەتە نێو ماڵی ئێمە. ئێمە نە چەکمان هەبووە و نە هێناویشمانە. کە دایکی ئاوڕی داوە و ئەوی دی وا دوو پاسدار گرتوویانە دەیبەن، ئاوقایان بوو. ویستی لە دەستیان بێنێتە دەرێ، پاڵێکیان پێوە نا و قۆنداغێکیان لە لاسەری دا و کەوت. ئەو خۆی راپسکاند و جوێنی دانێ. لێیان دا. سەروچاوی خوێناوی بوو. بردیان. ئەفسەرێک گوتی: ئەوە هاودەستیان بووە. یەکێکی دی گوتی ئەوە هەر لەگەڵیان بووە. لەو دەمەدا لە دەم چۆمەکەوە دیسان دەنگی تەقە هات. فەرماندەکەیان ئاماژەی بە چەکدارێک کرد و گوتی: ئەوە ببەن. چەکدارەکە نەیپرسی بۆ کوێی ببەن و چیی لێ بکەن. هات و هەرا و تەقە و گرمەی دەم چۆمەکە هەر دەهات و خەستتر دەبوو. دوو سەربازی دیکەش هاتن و بوون بە سێ. بردیان. بە پەڕۆیەک چاویان بەست. دەنگی شین و گریان لەوسەری گوندەکەوە دەهات. تەنیا بیری لای دایکی بوو، خۆی سەرکۆنە دەکرد کە بۆچی تفەنگەکەی شاردەوە و تەقەی نەکرد؟ بۆ هێندە ترسنۆک بوو؟ بە دیوارەکەیانەوە نا. نەیزانی دیواری کێیە؟ کوێیە؟ گوتی: بەس ئەمجارە بەربم لە دەستیان، خۆم دەزانم چی دەکەم...

تەقەیەک هات....

# ڕۆمانی عێراقی و چێژی گێڕانەوە

شاخەوان سدیق



## هەردوو ڕۆمانی (باخچەکانی سەرۆک) و (یادداشتەکانی سەگێکی عێراقی) وەک نموونە

ڕۆمان وەک یەکێک لە ژانرە گرنگەکانی ئەدەب، خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندێتی خۆیەتی کە ڕەنگە یەکێک لە گرنگترینی ئەوانە شێوازی گێڕانەوەکەی بێت، چونکە گێڕانەوە و دوای ئەویش گێڕانەوەناسی ئەو بەشە گرنگەی هەر ڕۆمانێکن کە دەتوانرێت تێکستێکی باشی پێ لە تێکستێکی دیکە جیابکرێتەوە. (عەتا محەممەد) دەربارەی هونەری گێڕانەوە دەڵێت: "ئەوەی مرۆڤی دروستکرد گێڕانەوە بوو. مێژووی مرۆڤ لەو ساتەوە دەستپێدەکات کە توانی بەسەرهاتێک بگێڕێتەوە و ئیدی لە جیهانی ئاژەڵان دابڕا". لە کتێبی (گێڕانەوەناسی)شدا (هاشم ئەحمەدزادە) ئاوا لە گێڕانەوەناسی دەدوێت: "گێڕانەوەناسی لێکدانەوەی دەقی گێڕانەوەییە بۆ دیاریکردنی گێرەڕەوەی شاراوە، ئاشکرا، دەرەکی یاخود ناوەکیی دەقەکە". لێرەوە ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندن بۆ جدییەتی هەر تێکستێک لە (چیرۆک و ڕۆمان) بکەین، بێگومان دەبێت سەیری شێوازی گێڕانەوەکەی بکەین. ئەگەرچی بۆ گێڕانەوەی هەموو چیرۆک و ڕۆمانێک شێوازی جیا و جۆراو جۆر هەیە، بەڵام بەگشتی دەتوانین چەند جۆرێک لە شێوازی باوی گێڕانەوە دەستنیشان بکەین.

### شێوازەکانی گێڕانەوە:

یەکەم: شێوازی گێڕانەوەی کۆن÷ ئەم شێوازە یەکێکە لە باوترین ئەو ڕێگایانەی کە زۆر لە نووسەرانی دونیا پەیڕەویان لێکردووە و بەشێکی زۆری ڕۆمانە بەناوبانگەکانی دونیای ئەدەبی بەم شێوازە نووسراون. ئەویش پابەندە بە نووسینی (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی).

دووەم: شێوازی گێڕانەوەی نوێ÷ ئەم شێوازە تا ڕادەیەک بە بەراورد لەگەڵ مێژووی پەیدابوونی ڕۆمان نوێیە و زیاتر لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمانی مۆدێرندا پەیدابووە، کە ئەویش زیاتر گێڕانەوەیە بە زمانی کەسی قسەکەر و زمانی دوێنەر، یان بە بەکارهێنانی شێوازی مەنەلۆگ و پێش و پاشخستنی کات و دروستکردنی شوێنی خەیاڵی و فەنتازی. جگە لەمانەش، ئێمە شێوازی گێڕانەوەناسیشمان هەیە کە ئەویش بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بەسەر دوو بەشدا دابەشی بکەین:

ا- گێڕانەوەناسیی داستان: کە بریتییە لە ڕەوتی زەمانیی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان.

ب - گێڕانەوەناسیی گوتار: بریتیە لەو دەستکاریيانەی کە لە داستانەکەدا بۆ پێشکەشکردنی گێڕانەوەکە ئەنجام دراون. هەریەکە لەم شێوازانە جۆر و شێوازی کۆتایی نین و دەکرێت نووسەران بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان چەندین شێوازی تر تاقیبکەنەوە.

### ڕۆمانی عێراقی و چێژی خوێندنەوە

ئەگەرچی بەهۆی ئەو هەموو دۆخە نالەبارە سیاسیەی کە حکومەتەکانی عێراق بەسەر گەلی کوردیاندا هێناوە، هەمیشە ناوی عێراق بۆ زۆربەمان ناوێکی خۆشەویست و لەبەردڵان نییە، بەڵام لە واقیعدا ئەدەبیات شتێکی تر و دەروازەیەکی ترە بۆ دووبارە تێگەیشتنێکی نوێ لەم بۆچوونە. چونکە وەک ڕۆماننووسی دیاری عێراقی (موحسین ئەلرِملی) لە وەڵامی پرسیاری دیدارێکمدا لەگەڵی گوتی: "هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر گەلی کورد و گەلانی عێراقدا بەگشتی هاتوون، لەلایان حکومەت و دەسەڵاتێکەوە کراون کە هەڵبژێردراوی خەڵک و گەل نەبوون، بۆیە گەلی عێراق بێبەرییە لێیان و هەمیشە پەیوەندی (کورد و عەرەب) لە ئەساسدا پەیوەندیی هاوخوێنی و هاونیشتمانی و ئینسانییە"، بۆیە ئەدەب دەکرێ ڕێگایەک بێت کە ئەم دیوە ڕاستەقینە جوانەمان پیشان بدات. لە ماوەی ڕابردوودا و لە درێژەی ئەو زنجیرە بەرنامانەدا کە بۆ خۆمم وەک خوێنەرێک داناوە، چەند ڕۆمانێکی عێراقی وەرگێردراوم بۆ زمانی کوردی خوێندنەوە، لەوانە ڕۆمانی (کوژانی کابرای کتێبفرۆش)ی نووسەر سەعد محەممەد ڕەحیم و (پاشاکانی لم) و (تووتنەوان) و (بابە سارتەر)ی عەلی بەدر و (کەرێک لەسەر چیا) ی عەبدولستار نەسر و (فرانکشتاین لە بەغدا) ی ئەحمەد سەعداوی و (یادداشتەکانی سەگێکی عێراقی)ی عەبدولهادی سەعدون و (کوشتن لە بەغدا)ی سینان ئەنتۆن و هەریەکە لە ڕۆمانەکانی (وردوخاش و پەرتەوازە)، (باخچەکانی سەرۆک)، (خورمای سەر پەنجەکان)ی موحسین ئەلرِملی. هەریەکە لەم ڕۆمانانە خاوەنی گێڕانەوەیەکی تایبەتی پڕ تاموچێژن و هەموویشیان بەرهەمی پاش ڕووخانی دیکتاتۆریەتن لە عێراق. خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە ڕۆمانە سەرنجی بۆ گەڕان بەدوای مێژووی ڕۆمانی عێراقیدا ڕاکێشام و وای لێکردم بۆ لەمەودوا لە هەرکوێ ڕۆمانی نووسەرێکی عێراقی ببینم بیخوێنمەوە، کە بێگومان تاکە هۆکار بۆ ئەمە، ئەو شێوازە جوانەی گێڕانەوە و ئەو تەکنیکە بەهێزەیە کە نووسەرانی ئێستای عێراقی لە نووسیندا بەکاری دەهێنن. با ئێستا کەمێک بۆ سەرەتاکانی مێژووی ڕۆمان لە عێراق بگەڕێینەوە.

### مێژووی ڕۆمانی عێراقی

ئەگەرچی بەهۆی ئەو مێژووە ڕەشەی دیکتاتۆریەت و کوشتن و بڕینەی لە ناوچەکە و بەتایبەت لە عێراق هەبووە، نەتوانراوە بە دیاریکراوی و بە شێوەیەکی دروست تەواوی مێژووی ژانرەکان وەک خۆیان تۆمار بکرێن و سەرچاوە و بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام بەپێی هەندێک سەرچاوە، مێژووی بڵاوکردنەوەی ڕۆمان لە عێراقی کۆندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (1909) کە ئەویش ڕۆمانێکی وەرگێردراو بووە بەناوی (العدل اساس الملک) واتە (دادپەروەری بنەمای فەرمانڕەواییە) کە لە ڕۆژنامەی (صدی بابل) دا، بە شێوەی بەش بەش بڵاوکراوەتەوە. بێگومان بەدوای ئەویشدا چەند هەوڵێکی دیکە هەبووە. بەڵام لە ساڵی (1921) بۆ یەکەم جار بەرهەمی نووسەرێکی عێراقی بەناوی (فی سبیل الزواج) بڵاوکراوەتەوە کە زۆر کەس ئەم ڕۆمانە بە سەرەتای ڕۆمانی عێراقی ناودەبەن. بەدوای ئەمیشدا هەریەکە لە (مصیر الجعفاء) لە (1922) و (جەلال خالد) لە (1928) هاتوون. بەڵام بەبڕوای شارەزایانی ئەدەبی عێراقی، یەکەم ڕۆمانی عێراقی کە لەڕووی هونەری ڕۆمانەوە ئەژمار بکرێت و خاسیەتەکانی گێڕانەوە و هونەری تەکنیکی تێدابێت، ڕۆمانی (النخلە والجیران)ە کە ساڵی (1966) بڵاوکراوەتەوە. ئێستا ئەگەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکەمان ڕۆمانی عێراقی بەپێی ساڵەکان پۆلێن بکەین، دەتوانین ئەو مێژووە بەسەر سێ قۆناغی گرنگدا دابەش بکەین بەم جۆرە:

### قۆناغەکانی ڕۆمانی عێراقی


1- ساڵانی 1921- 1975 — ئەم قۆناغە بەسەرەتای مێژووی دەرکەوتنی ڕۆمانی هونەریانەی عێراقی دەزانرێت و تیایدا نزیکەی (25) ڕۆمان نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، گرنگترینیان ڕۆمانی (النخلە والجیران)ە کە ساڵی (1966) بڵاوکراوەتەوە.

2- ساڵانی 1975- 2003 — ئەم قۆناغە دەتوانرێت وەک قۆناغی نسکۆ و پاشەکشەی ڕۆمانی عێراقی ناوببرێت، بێگومان ئەویش بەهۆی ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی کە دیکتاتۆریەت لە عێراقدا پەیڕەوی لێکردووە و ئازادی، بەتایبەتی ئازادیی نووسینی قەدەغە کردووە و ئەدیبانی وەک هەموو چینێکی تری کۆمەڵگا بەو هۆیەوە چەوساندووەتەوە.

3- 2003-تا-2015 دەتوانرێت ئەم قۆناغە بە قۆناغی گەشانەوە و بەرەوپێشچوونی ڕۆمان لە عێراق دابنرێت، چونکە نووسەر و ئەدیبان لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق، ئازادانە بەرهەمەکانی خۆیان دەنووسن و بڵاودەکەنەوە، بەجۆرێک بەپێی هەندێک سەرچاوە تەنیا لە نێوان ساڵانی (2003 بۆ 2014) نزیکەی (470) ڕۆمان لە عێراقدا بڵاوکراونەتەوە. ئەم ژمارەیەش بە هەموو تێبینییەکانەوە لەسەر شێوازی هونەری و گێڕانەوەیان، جێگای دەستخۆشی و دڵخۆشییە بۆ ڕۆمانی عێراقی لەڕووی بەرەوپێشچوونیەوە.

من لە نێوان ئەو ڕۆمانانەی کە لەم ماوەیەدا خوێندوومنەتەوە، تەنیا دوو ڕۆمان وەک نموونە وەردەگرم و هەوڵدەدەم کەمێک لەسەر ئاستی گێڕانەوە لەم دوو ڕۆمانەدا بوەستم.

### یەکەم: ڕۆمانی (یادداشتەکانی سەگێکی عێراقی)




ئەم ڕۆمانە لە نووسینی ڕۆماننووس (عەبدولهادی سەعدون)ە و بە وەرگێڕانێکی جوان (فاروق جەمیل کەریم) بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە و ناوەندی ئەندێشە لە ساڵی (2018) چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. نووسەر ڕۆمانەکەی بەسەر (30) بەشدا دابەش کردووە، هەریەکێک لەو بەشانە گۆشەیەکی نوێی ڕووداوێکە کە تیایدا کارەکتەری سەرەکی کە سەگێکە، وەک گێڕەرەوەی هەمووشتزان تەواوی چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە. بێگومان ئەو دابەشکارییەش هەوڵێکی شارەزایانەی نووسەرە بۆ گەمەکردن لەگەڵ خوێنەر، تا لەسەروەختی خوێندنەوەدا بێزار نەبێت و لە ڕووداوێکەوە هەنگاو بۆ بیستنی بەسەرهاتی ڕووداوێکی دیکە بنێت. چیرۆکی ئەم ڕۆمانە باسکردنە لە بیرەوەرییەکانی (سەگێک) کە چۆن پاش ڕووخانی دیکتاتۆریەت ئەویش و خاوەنەکەی لەبری ئازادی و بەدەستهێنانی ژیانێکی شکۆمەندانە، بەهۆی بێسەروبەرییەوە تووشی ئازار و نەهامەتی و سەرئەنجام فەوتانیش دەبن. چیرۆکی ئەم ڕۆمانە یەکێکە لە بەهێزترین ئەو بەسەرهاتانەی کە نووسەر لە ڕێگایەوە وێنەیەکی زۆر ڕوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و پاشان بەربەریی میلیشیاکان دەخاتەڕوو. ئەویش بەشێوەیەکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش و هونەریانە لە گێڕانەوە و تەونی پێکەوە بەستنی گرێچنەکانی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە. ئەم ڕۆمانە دەچێتە خانەی جۆرێک لەو هەوڵە جیهانیەی کە لە دونیای ئەدەبدا نووسەران هەوڵیانداوە لە ڕێگەی کارەکتەری ئاژەڵەوە چیرۆکەکانیان بگێڕنەوە. دیارترینی ئەو نموونانە (مەزرای ئاژەڵانی جۆرج ئۆروێڵ و بەدگۆڕانی کافکا و پەندەکانی کتێبی کلیلە و دمنەی حەکیمی هندی پەیدەپا و کەرێک لەسەر چیای عەبدولستار نەسر)ن. نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی سەگێکەوە، پێماندەڵێت، ئەوە بەتەنیا هەر مرۆڤەکان نەبوون کە بوونە قوربانیی دەستی دیکتاتۆریەت، بەڵکو ئاژەڵەکانیش پشکیان لەو نەهامەتیانە بەرکەوت و هەموو زیندەوەرەکانی ئەم وڵاتە قوربانیی دەستی جەلادێکی دڕندە بوون.

### دووەم: ڕۆمانی باخچەکانی سەرۆک

ئەم ڕۆمانە لە نووسینی (موحسین ئەلرِملی) یە. وەرگێڕ (ڕەنجدەر جەبار) بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە و لەلایەن خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچراوە ساڵی (2018) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەم ڕۆمانە باسکردنە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە عێراقدا و خستنەڕووی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دەرهەق بە گەلەکەی خۆی و هەڵدانەوە و ئاشکراکردنی شوێن و شێوازی ئەو تاوانانەیە پاش نەمانی ئەو ڕژێمە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا تا ئاستێکی باڵا شێوازێکی بەهێزی گێڕانەوە پەیڕەو دەکات، بەجۆرێک کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕووداوی تاوانەکاندا موچڕک بە لەشیدا دێت و بێئاگا دەبێتە بەشێک لە کارەکتەری ناو چیرۆکەکان و ئارەقە دەردەدات لە ئاست بێویژدانیی جەلادەکاندا. ئەمەش شارەزایی و توانای نووسەر دەردەخات لە هونەری گێڕانەوەدا. گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا فرەدەنگە و زیاد لە گێڕەرەوەیەک هەیە کە هەر یەکێک لەوانە بەشێک لە چیرۆکەکە لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە دەگێڕێتەوە. گێڕانەوە لە هەردوو ئەم ڕۆمانەدا بە شێوەی گێڕانەوەی کۆن نووسراون، واتە شێوازی (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی)یان تێدا پەیڕەوکراوە. هەر بۆیە ئەم دوو ڕۆمانە و خوێندنەوەیان، یەکێکن لە شاهیدە زیندووەکانی تاوانەکانی دڕندەترین دیکتاتۆر لە مێژووی عێراقدا و بەڵگەی بەهێزیشن بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری نسکۆ و پاشەکشەی ڕۆمانی عێراقی لە قۆناغی دووەمدا کە لەسەرەوە باسمانکرد، واتە قۆناغی ساڵانی (1975 بۆ 2003). هەر هێزی هونەریانەی ئەم بەرهەمانەش دیسان بەڵگەن بۆ تێگەیشتن لە بەرەوپێشچوونی خێرای ڕۆمان و ئەدەبی عێراقی پاش نەمانی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرە. واتە قۆناغی سێیەم و گەشەکردنی ئەدەب بەگشتی لە پاش ساڵانی (2003) وە. ئەگەرچیش تێبینی لەسەر زۆر لە ڕۆمانە نووسراوەکانی پاش ساڵانی (2003)یش لە عێراقدا هەیە و زۆر کەس پێیانوایە بەشێک لەو ڕۆمانانە بەرەو پەرەسەندنی گیانی تایەفەگەری و هاندان بۆ مەزهەبگەرایی و بەهێزکردنی ڕۆحی تۆڵەسەندن، دوور لە ئیتیکی ئەدەبیانە هەنگاویان ناوە. بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە ڕۆمانی عێراقی ئێستا لە سەرەتای گەشانەوە و هەنگاونانە بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون و گەش.



### ڕۆمان چ کاریگەرییەکی لەسەر مرۆڤ هەیە:

(کۆڵن وڵسن) لە کۆندا گوتوویەتی: "کاریگەریی ڕۆمان لەسەر کولتووری مرۆڤایەتی لە تێکڕای تێزەکانی (داروین و فرۆید و مارکس) زیاتر بووە. بەوپێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکی سەرقاڵ و بەهەڵپە و ئاڵۆزە لە ژیاندا و خاوەنی ڕۆحێکی ماندووە بەدەست ڕاکەڕاکەوە. ڕەنگە خوێندنەوە، بەتایبەت خوێندنەوەی ڕۆمان یەکێک بێت لەو شتانەی کە کەمێک ئاسوودەیی بە ڕۆحی ببخشن. چونکە "ڕۆمان لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە گونجاوترە بۆ چوونە ناو شوێنە تاریک و نادیار و داخراوەکانی دنیا، بۆ ئاشکراکردنی ئەو شوێنانەی کە لە کۆمەڵگادا پێویستە ئاشکرا بکرێن و چاوی مرۆڤ لە واقیعدا نایانبینێ، یان واقیع ناتوانێ ئاشکرایان بکات" (1).

هەر بۆیە ڕۆمان وەک هونەرێکی باڵا ڕۆژ دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە. (هاشم ئەحمەدزادە) دەربارەی گرنگیی ڕۆمان بۆ مرۆڤ دەڵێت: "لە دنیای ئەمڕۆدا گێڕانەوەی ڕۆمانیانە ئەوەندە بەربڵاو بووە، کە ئەستەمە مرۆڤی خوێندەواری سەردەم بتوانێت لە دەرەوەی ئەم ژانرە وێنا بکرێت، بە واتایەکی تر، هەم کردەی نووسینی ڕۆمان و هەم کردەی خوێندنەوە یان گوێگرتن لە ڕۆمان بووەتە تایبەتمەندییەکی حاشاهەڵنەگری بوون".

کەواتە خوێندنەوەی ڕۆمان بۆ مرۆڤی مۆدێرن یەک لە پێشترین پێداویستیەکانە پێش زۆر پێداویستیی دیکە . وەک (بەختیار عەلی)ش دەڵێت: "ڕۆمان هاواری هەموو ئەو کەسانەیە کە کەس دەنگیان نابیستێ". بەم پێیەش دەکرێت بڵێین ڕۆمان لە دونیای ئێستادا پەنجەرەی ڕوانین و تێفکرینەکانی مرۆڤە بۆ بینین و تێگەیشتنی زیاتر لە دونیا.

### هەڵبژاردنی ئەم دوو ڕۆمانە بۆ؟

خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانانە چ پەیوەندیەکیان بە دونیای ئێمەوە هەیە؟ مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی گەردوونی هەمیشە چەندین ڕێگا و شێوازی بۆ خۆنیشاندان یان بۆ گەیاندنی پەیام و داواکارییەکانی تاقیکردووەتەوە، بەتایبەت لە گەیاندن و پیشاندانی هەموو ئەو زوڵم و ناهەقیانەی بەرامبەری کراون، ئینجا لەسەر ئاستی تاک بووبێت یان کۆ. ئەگەر لە دونیای ئێستاماندا ڕاگەیاندن بەتایبەت (tv) و بەدیاریکراویش پاش هاتن و پەیدابوونی کەناڵی ئاسمانی بۆ مرۆڤی ئێستا یەکێکبن لەو ڕێگایانە، ئەوا بێگومان ئەدەب و هونەر لە کۆنەوە شێوازێکی زۆر فراوان و بەهێزبوون بۆ ئەو مەبەستە. بەتایبەت هونەری (شانۆ لەکۆندا و سینەما) لە ئێستادا. کە دەتوانین ڕۆمانیش وەک ژانرێکی گرنگی ئەدەب ناوببەین. چونکە ڕۆمان سەرزەمینێکە لە کاغەز، کە مرۆ دەتوانێت خەونەکانی خۆی تێدا بنیات بنێت و جیهانێک بخوڵقێنێ کە لە واقیعدا وجودی نییە. هەروەک ئەوەی (میلان کۆندێرا) دەڵێت: "ڕۆماننووسەکان نەخشی وجود دەکێشن". بۆیە ڕۆمان یەکێکە لە دەروازەکانی گەیاندنی پەیامی مرۆڤ، چ وەک تاک یان کۆ و پەیامی گەلێک، هەر وەک ئەوەی لە خوێندنەوەی زۆر لەو ڕۆمانانەدا بەدی دەکەین کە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ئەدەبی عێراقیدا نووسراون و جیاواز لە مێژووی سیاسییەکان، زۆر بە جوانی و ڕوونی چەندین لایەنی هەموو ئەو تاوانانەیان خستووەتە ڕوو کە ئەو دیکتاتۆرە دەرحەق بە گەلانی عێراق بەبێ جیاوازی کردوونی. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی پەنجا ساڵی ڕابردووی عێراق، تەنیا خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی بەسە. بەو پێیەی ئێمەش وەک کورد بەشێکین لە مێژووی ئەم وڵاتە و قوربانییەکانی ناوی، خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانانە بۆمان پێویست و گرنگن، بریا نووسەرانی ئێمەش وەک نووسەرانی عێراقی سوودیان لەو هەموو چیرۆکە بەجێماوەی پاش بەعس دەبینی و لە بەرهەمی ڕۆمانی بەپێزدا دووبارە دایاندەڕشتەوە. ئەم دوو ڕۆمانە نموونەی ڕۆمانی بەرزی ئەدەبی نوێی عێراقین، کە دڵنیام خوێنەر چێژ لە خوێندنەوەیان دەبینێ و دەکرێت وەک ئاسۆ نوێیەکانی ئەدەبی ڕاقیی عێراقی چاویان لێبکرێت.

**بۆ ئەم نووسینە سوودم لەم کتێبانە بینیوە.**

**- الروایة العراقیة: رصد الخراب العراقي في ازمان الدكتاتوریة والحروب والاحتلال وسلطة الطوائف. www.dohainstitute.org**

**- هونەری ڕۆمان - سەنگەر زراری - دەزگای تەفسیر**

**- گێڕانەوەناسی - هاشم ئەحمەدزادە - چاپەمەنیی مانگ**

**- هونەری ڕۆمان - میلان کۆندێرا- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

### سابیر ڕەشید، نووسەر و ڕۆماننووس:

# هەست دەکەم مێرسۆی پاڵەوانی "نامۆ"ی ئەلبێرکامۆ منم

مالپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، بەردەوام بەدوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێشەوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بە دوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویستترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕوئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش لێرەدا، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە حەڤدەهەمین گفتوگۆماندا، سابیر ڕەشید، نووسەر و ڕۆماننووس وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتووری ڕووداو**



**ڕووداو: لەم کاتەدا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**سابیر ڕەشید:** لە کۆتاییەکانی ڕۆمانی "گەشتەکەی بالداسار"دام، کە ڕۆماننووسی بەناوبانگی لوبنانی، ئەمین مەعلوف نووسیویەتی و کوردییە جوانەکەی لوقمان باپیریش ڕۆمانەکەی بەچێژتر کردووە.

**ڕووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**سابیر ڕەشید:** سەرەتای خوێندنەوە و لاوێتیم ڕۆمانی "پیرەمێرد و زەریا"ی هەمینگوای فێری کردم ژیان بریتییە لە ململانێ و هەوڵدان بۆ مانەوە. لە تەمەنی ئێستاشمدا ڕۆمانی "چل ڕێساکەی عەشق"ی نووسەری تورک ئەلیف شەفەق، کە مەولانای ڕۆمیی زیاتر پێ ناساندم و خۆشەویستیی خوای زیاتر خستە دڵمەوە و تەکنیکە جوانەکەی ڕۆمانەکەش زیاتر سەرسامی کردم.

**ڕووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**

**سابیر ڕەشید:** کتێبی "سەرمایە"ی کارڵ مارکس بە گەنجی خوێندمەوە و ڕوانینی منی گۆڕی. دواتریش ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی عەشقی خوێندنەوەی ڕۆمانیان کردم.

**ڕووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**سابیر ڕەشید:** لە سەرەتای نووسینمدا هەردوو کۆمەڵە چیرۆکی (دمشق الحرائق) و (النمور فی الیوم العاشر)ی چیرۆکنووسی سوری زەکەریا تامر وای لێ کردم هەوڵ بدەم وەک ستایلی ئەو چیرۆک بنووسم و نووسیشم، بەم دواییانەش ڕۆمانەکانی قادر عەبدوڵلای هۆڵەندی بە تایبەتی ڕۆمانی "خانووەکەی مزگەوتێ" کە شەفیقی حاجی خدر جوانی کورداندووە، وای لێ کردم بە ستایلی ئەو ڕۆمانە دوو ڕۆمان بنووسم: "شمشێری مووسا" و "کوێرەی چاوساغ".

**ڕووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**سابیر ڕەشید:** ڕۆمانەکانی: شەڕ و ئاشتیی تۆلستۆی، دایکی مەکسیم گۆرکی، ڕۆمانی زۆربای یۆنانی و ڕۆمانی کاتژمێر بیستوپێنجی کۆستانتین جۆرجیۆ منیان گریاندووە.

> خەریکی ڕۆمانێکی نوێم بەناونیشانی "کتێبفرۆش"

**ڕووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟**

**سابیر ڕەشید:** دوو ڕۆمانی جیهانی دەبەخشمە خۆشەویستانم و خوێنەرانی زیرەک: یەکیان "لعبة الکریات الزجاجیة"ی هێرمان هیسەی ئەڵمانییە و ئەوەی تریشیان ڕۆمانی "عشیق اللیدی تشاترلی" دی.ئێچ. لۆرانسە.

***

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەڕەنسا فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر)، ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

**ڕووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**سابیر ڕەشید:** ئەوەیە کە دڵی کەسێک خۆش بکەیت، یان ماڵی نەبوویەک ئاوەدان بکەیتەوە، باشترین چاکەش کە لەگەڵم بکرێت ئەوەیە برادەرێک کتێبێکی خۆیم پێ دەبەخشێت.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**سابیر ڕەشید:** ڕاستگۆیی و درۆنەکردن و ئیرەیی نەبردن و بوختان نەکردن و دوورکەوتنەوە لە ڕق و خۆشویستنی هەموو کەس، تەنانەت ئەوانەش کە ڕقیان لێتە.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**سابیر ڕەشید:** ئەو کاتانەی ژن پیاوێکی خۆشدەوێت هەموو خراپەکانی لا ڕەش دەبنەوە.

**ڕووداو: بە نرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**سابیر ڕەشید:** یەکەم؛ نهێنیپارێزی. دووم؛ دڵسۆزی و خەنجەرلێنەدان لە پشتەوە. سێیەم؛ فریادڕەس لە کاتی تەنگانەدا. چوارەم؛ زەمنەکردن لە پاشەملە.

**ڕووداو: حەزت لە چییە؟**

**سابیر ڕەشید:** ببم بە نووسەرێکی دیاری میللەتەکەم و دەزگای چاپەمەنی بەدوامدا بگەڕێن کتێبم بۆ چاپ بکەن.

**ڕووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکەی؟**

**سابیر ڕەشید:** لەم مەملەکەتە ژەنگاوییەدا بەختەوەریی ئایدیاڵ نادۆزرێتەوە، پێناسەکەشی ئەوەیە: دەبێ کەسێک بێت لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ئێمەدا هیچ کێشەیەکی نەبێت و ژیانی ئاسوودە بێت، ئەوەش دەگمەنە.

**ڕووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**سابیر ڕەشید:** ئەوکاتانەی دەست لە ژیان بەردەدەیت و تەسلیمی قەدەری خۆت و چاوەڕوانی مردنیت، هەست دەکەی ژیان بەتاڵە لە مانا.

**ڕووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژیت؟**

**سابیر ڕەشید:** هەر لە کوردستان، بەڵام لە شوێنێکی ئاسوودە دەگەڕێم تیایدا بخوێنمەوە و بنووسم.

**ڕووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**سابیر ڕەشید:** گوڵەباخ و لە ڕەنگیش سوور و پەمبەیی.

> حەزم دەکرد ئەوەندە ساویلکە و دڵساف و بێڕق نەبوومایە

**ڕووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**

**سابیر ڕەشید:** بۆرخیس. دی. ئێچ. لۆرانس. هێرمان هیسە. دۆستۆیڤسکی. یەشار کەمال. سەلیم بەرەکات. ئەلیف شەفەق. قادر عەبدوڵلا. کامۆ. کافکا. سادق هیدایەت. محەممەد مەولود (مەم). بەختیار عەلی. کاروان کاکەسوور، حسێن عارف.

**ڕووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**سابیر ڕەشید:** حەزرەتی نالی. چونکە من لەگەڵ شیعرەکانیدا دەتوێمەوە و چێژم پێ دەبەخشێ و زیندووم دەکاتەوە.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**سابیر ڕەشید:** مێرسۆی پاڵەوانی "نامۆ"ی ئەلبێرکامۆ، هەست دەکەم خۆمم.

ڕووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟

سابیر ڕەشید: ئەنوەر قەرەداغی، کامگارەکان، دڵشاد محەممەد سەعید.

**ڕووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**سابیر ڕەشید:** قەرەنی جەمیل، عەزیزی پیرداود، نامیق عەلی قاد و ڕۆستەم ئاغالە.

**ڕووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**

**سابیر ڕەشید:** شوان، چونکە بە منداڵی خزمێکم ناوی لە من نابوو شوان، بەڵام باپیرم نەیهێشت و بەناوی کوڕێکی مردووی خۆی کردمەوە.

**ڕووداو: زیاد لە هەر شت ڕقت لە چییە؟**

**سابیر ڕەشید:** مەدحی بەرامبەر بە درۆ، زەمی پاشەملە و درۆ.

**ڕووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**

**سابیر ڕەشید:** حەزم دەکرد ئەوەندە ساویلکە و دڵساف و بێڕق نەبوومایە، ساویلکەیی و خۆشباوەڕی زیانی زۆری لێداوم.

**ڕووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**سابیر ڕەشید:** بێ ئازار و نەخۆشی، مەرگێکی ئارام لە باوەشی خۆشەویستەکەم لە دونیا دابڕێم.

**ڕووداو: ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**سابیر ڕەشید:** لەم وڵاتە پڕکێشە و قەیران و ناعەدالەتییە دەبێ چۆن بم، وەڵا شل و پەیتە.

**ڕووداو: دروشمی تۆ چییە؟**

**سابیر ڕەشید:** هەموو کەسێکت خۆشبوێت، تەنانەت ئەوانەی ڕقیشیان لە تۆیە.

**ڕووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**سابیر ڕەشید:** من بۆ نووسەری خوڵقاوم، بشگەڕێمەوە دواوە هەر حەز دەکەم ببمەوە بە نووسەر.

**ڕووداو: زیاتر بە ئەدەبیاتی کام وڵات سەرسامیت؟**

**سابیر ڕەشید:** بە ئەدەبیاتی ڕووسی و ئەمەریکای لاتین. ڕۆمانی ڕووسی زۆر خزمەتی مرۆڤایەتیی کردووە و ئەمەریکای لاتینیش بە واقیعی سیحری و فەنتازیا و خەیاڵفراوانی. ڕۆمانی ئەمەریکای لاتین توانی خۆی بخاتە ناو ئەدەبیاتی هەموو دونیا و خۆی بسەپێنێ و چێژ و جوانی ببەخشێت.

**ڕووداو: هەرگیز هەبووە ڕۆژێک لە نووسەربوونت پەشیمان بیت؟**

**سابیر ڕەشید:** بەڵێ، ساڵانی دووهەزارەکان پێنج ساڵ لە خوێندنەوە و نووسین دابڕام و وازم لێهێنان، هەرچی کتێب و گۆڤاریشم هەبوو هەموویانم دان بە برادەران و پێشکەشی کتێبخانەکانم کردن و زۆریشم لێ دڕاندن، هەستم بە بێمانایی نووسین کرد و ئەو جەوە ناخۆشەی لەناو نووسەران هەبوو ڕقیان لە ئەدەبیات هەستاندم، لە هەڵسوکەوتە قێزەونەکانی هەندێک نووسەر ڕەشبین بووم، یەکێک لە هاوڕێکانم نووسینێکی منی بە ناونیشانی میتا ڕۆمان کە لە کتێبەکەمدا بوو "ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار"، خۆی لێ نەبان کرد و بۆ پلەبەرزکردنەوەی زانکۆ لێکۆڵینەوەیەکی نووسیبوو هەمان سەرچاوەی منی بەکار هێنابوو و باسی منی نەکرد، هەر من یەکەم کەس بووم میتا ڕۆمانم لە جیاتی "ماوراء الروایە" بەکارهێناوە و ئەویش گوتبووی ئەگەر ناویم هێنابا باسەکەم بۆ پلەبەرزکردنەوە نەدەبوو. تێگەیشتم هەموو ئەو شتانەی نووسیومن بێبایەخن، ئەمانە و زۆر شتی تر لە نووسین و خوێندنەوەیان دوورخستمەوە، لە نووسەربوونی خۆم پەشیمان بووم، بەڵام دواتر گەڕامەوە و هەستم کرد نووسەربوون لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە و وتم هەر بە نووسەرییەوە هەم و لەمەودوا بۆ ئەوەی داهاتوو دەنووسم و چاوەڕوانی ستایش و پاداشتیش ناکەم.

**ڕووداو: ئەگەر ڕۆمانێکی کوردی دیاری بکەیت، وەک یەکێک لە باشترین ڕۆمانەکان، چ ڕۆمانێک دیاری دەکەیت؟**

**سابیر ڕەشید:** زۆرن ئەو ڕۆمانە کوردییانەی لە ئاستی ئەدەبیاتی دونیادان، هەرچەندە سەختە لەناو ئەو هەموو ساڵە بەرهەمی یەک کەس هەڵبژێریت، بەڵام من سێ ڕۆمان لە ڕۆمانە باشەکانی کوردی باشوور هەڵدەبژێرم:

ڕۆمانی "ڕێگا"ی محەممەد مەولود (مەم). ڕۆمانی "کاولاش"ی عەبدوڵلا سەڕاج. ڕۆمانی "هەرەس"ی محەممەد موکری و ئەگەر چوارەمیش هەڵبژێرم "دواهەمین هەناری دونیا"ی بەختیار عەلییە. هەرچەندە ڕۆمانی جوان و ناوازەشمان زۆر زۆر زیاترن و داوای لێبووردن لە هاوڕێ ڕۆماننووسەکانی دیکە دەکەم.

> ڕێگا، کاولاش، هەرەس و دواهەمین هەناری دونیا لە باشترین ڕۆمانە کوردییەکانن لای من

> لە "پیرەمێرد و زەریا"ی هەمینگوای فێربووم کە ژیان ململانێ و هەوڵدانە بۆ مانەوە

**ڕووداو: سەبارەت بە دوایین بەرهەمی خۆت بۆمان بدوێ، ئیش لەسەر چی دەکەی، ئایا بەرهەمی تازەت هەیە و لە چ قۆناغێکدایە؟**

**سابیر ڕەشید:** پڕۆژەم لەبەردەستە و پێیانەوە خەریکم، یەکێکیان "ئەنتۆلۆژیای چیرۆکنووسانی کوردستان"ە، کە ئێستا خەریکی بەرگی یەکەمم و تەرخانە بۆ چیرۆکنووسانی هەولێر و دەوروبەری و ئەو چیرۆکنووسانەش کە لە هەولێر دادەنیشن. سەدا حەفتای کارەکەم تەواو کردووە و لێرەشەوە پێمخۆشە هەر چیرۆکنووسێک من نایناسم پەیوەندیم پێوە بکات بۆ فراوانکردن و سەرخستنی پڕۆژەکە. پڕۆژەی دووەمیشم ڕۆمانێکی نوێیە بەناونیشانی "کتێبفرۆش" کە ڕەشنووسەکەی تەواو بووە و ئێستا پاکنووسی دەکەم، نووسینی تریش زۆرە و وردە وردە تەواویان دەکەم و بڵاویان دەکەمەوە.

# هەموو شتێک دەربارەی "دەوران"ی سەڵاحەدین دەمیرتاش

**ئا: ئەدەب و کولتوور**

دەوران کتێبی دووهەمی دەمیرتاشە، لە 14 چیرۆک پێکهاتووە و فەرهاد چۆمانی لە تورکییەوە کردوویەتی بە کوردی، لە ڕووی هونەری نووسینی چیرۆکەوە لەچاو سەحەر بە توانایەکی کامڵتر و لەڕووی بونیادی چیرۆکەوە تۆکمەترن. دەمیرتاش هەنگاوێکی تر لەوە نزیکبووەتەوە وەک نووسەرێکی کارامە بنووسێت. ئەم کتێبە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە لایەن ناوەندی ئەندێشەوە چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

فەرهاد چۆمانی، وەرگێڕی کتێبەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "دیسان لە زیندان چیرۆکەکان ئازاد دەبن. یەک بە دوای یەک دێنە دەرەوە و وەک پەیامێکی مرۆڤانە و بگۆی ناسۆر و خەمی ئەو کەسانەی لە دەرەوەی زیندانیش لە زیندانێکی گەورەتردان، کە ئەویش چوارچێوەی ئاسنینی حوکمی دەسەڵاتی دەوڵەتە لە تورکیا بە درێژایی مێژووی ئەو کۆمارە."

گوتیشی: "دەمیرتاش بۆ من میناکێکی بەرز و جوانە لە بەرخودان، لە بەرەنگاربوونەوە و یاخیبوون. لە وەستانەوە لە دژی ستەم، نموونەیەکی باڵای سیاسییە کە دەتوانێ بە ئەخلاقێکی بەرزەوە سیاسەت بکات و بە خەیاڵ و ئەندێشە و زمانێکی بەرزیشەوە دەقی ئەدەبی بنووسێ. ئەمە لەو نموونانەیە کە لای خۆمان ئەستەمە سیاسیی وەها بدۆزیتەوە هەردوو بوارەکە بە ئاکارێکی بەرز و ئەمەکدارییەوە بکات."

ئەمە دووەم کۆمەڵە چیرۆکی سەڵاحەدین دەمیرتاشە کە لە زیندان نووسیونی و کۆمەڵەی یەکەمی "سەحەر" بوو کە هەر لەلایەن فەرهاد چۆمانییەوە کرابوو بە کوردی.

"خوێنەران چاوەڕوانییەکی زۆریان هەبوو تا دەوران بە وەرگێڕانی من بلاودەبێتەوە، بۆ ئەمەش سوپاسیان دەکەم، ئێستا کە بڵاو دەبێتەوە هەر دانەیەک لەو کتێبە لە دڵەوە دیاریی منە بۆیان. سوپاسی متمانە و سەلیقەیان دەکەم. چاوەڕوانی کاری تریشم بن بەم زووانە." فەرهاد چۆمانی وایگوت.

دەشڵێت: "ناوەڕۆکی چیرۆکەکان دیسانەوە پڕیەتی لە کارەکتەری ئاسایی بە خەم و کۆڤانی زۆرەوە، ئەوانەی سیزیفئاسا دەژین، لکەی مەینەت و نەهامەتیی ژیان چوار وەرزە بە سیما و بەدەنیانەوەیە و شەکەتی دەستی نادادین، لە هەموو چیرۆکەکانیشدا بە ڕوونی دیارە کورد لەکوێی کارەکانی دەمیرتاشدایە."

دەمیرتاش لە چواری تشرینی یەکەمی 2016 لە تورکیا دەستگیرکرا و تا ئێستا ئازاد نەکراوە.

چۆمانی گوتیشی: "من بە ماوەیەکی زۆر کەم وەرگێڕانەکەم تەواو کرد، بەڵام بە هۆی ڕێکارەکانی وەرگرتنی ڕێپێدان لەلایەن نووسەر و دەزگای ئیلەتیشم-ی تورکییەوە دواکەوت. ئێستا ئەو چاپەی بە وەرگێڕانی من و لە لایەن ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە بڵاودەبێتەوە، دەقە ڕێگەپێدراو و یاساییەکەیە و هەر دەزگایەکی تر چاپی کردبێت یان چاپی بکات بە ساختە و نایاسایی دادەنرێ."

